# له کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت (بە خەڵکی) بەبێ ئەوەی بیژمێرێت

له ئەبی نەزرەوە دەڵێت: له لای جابری کوڕی عبداللەوە بووین، ووتی: نزیکه لەوەی خەڵکی عێراق قەفیز* ودرهەمیان نەنێرن (کۆی نەکەنەوە)، ووتمان: کێ بەرپرسیارە لەمه (لەم نەناردنه)؟ ووتی: ناعەرەبەکان -عەجەمەکان- ڕێگری لەمه دەکەن، پاشان ووتی: نزیکه لەوەی خەڵکی شام دینار ومودیان** نەنێرن (کۆی نەکەنەوە)، ووتمان: کێ بەرپرسیارە لەمه (لەم نەناردنه)؟ ووتی: ڕۆمەکان، پاشان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت (بە خەڵکی) بەبێ ئەوەی بیژمێرێت»، (گێرەرەوەی فەرموودەکه) بە ئەبی نەزرە وئەبی عەلای ووت: ئایا پێتان وایە عومەری کوڕی عبد العزيز بێت، ووتیان: نەخێر.
*(قەفیز: بۆ کێشانی خۆراک وشتومەک بەکاردێت یان بەکاردەهێنرا له عێراق)، **(مودی: بۆ کێشانی خۆراک وشتومەک بەکاردێت یان بەکاردەهێنرا له شام)
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات که موسڵمانان عێراق فەتح وڕزگار دەکەن، وشتێک بۆ کێشان ویێوان بەکاردێت بەهۆیەوە زەکات وبەخشینەکانی تر بۆ خەزێنەی ماڵی مسوڵمانان دەنێردرێت، بەڵام له کاتی نزیکبوونەوەی قیامەت قەدەغە دەکرێت له ناردنی ئەم زەکات وبەخشینانه؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی کافرەکان له ناعەرەبەکان -عەجەمەکان- دەست بەسەر ئەم ناوچەیە دەگرن وڕێگا نادەن زەکات وبەخشین بچێتە نێو گەنجینەی ماڵی مسوڵمانان -بيت المال-، هەروەها باسی ئەوە دەکات که مسوڵمانان شام فەتح وڕزگار دەکەن، وشتێک بۆ کێشان ویێوان بەکاردێت بەهۆیەوە زەکات وبەخشینەکانی تر بۆ خەزێنەی ماڵی مسوڵمانان دەنێردرێت، بەڵام له کاتی نزیکبوونەوەی قیامەت قەدەغە دەکرێت له ناردنی ئەم زەکات وبەخشینانه؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی کافرەکان له ڕۆمەکان دەست بەسەر ئەم ناوچەیە دەگرن وڕێگا نادەن زەکات وبەخشین بچێتە نێو گەنجینەی ماڵی مسوڵمانان -بيت المال-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە له کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت بە خەڵکی بەبێ ئەوەی بیژمێرێت، واتا: بەهۆی ئەوەی ئەوەندە پارە وسامان زۆر دەبێت وخاک و وڵات ڕزگار وفەتح دەکرێت ودەبنە خاکی ئیسلام -دار الإسلام-، بۆیە ئەو خەلیفەیە بەشێوەیەک پارە وسامان دەبەخشێت بە خەڵکی هەروەکو چۆن خۆڵ له دەستدا فڕێ دەدرێت. وگێرەرەوەی فەرموودەکە باسی ئەوە دەکات که پرسیاری له هەندێک له زانایانی تابیعین کردووە: ئایا پێتان وایە ئەو خەلیفەیە عومەری کوڕی عبد العزيز بێت؟ ووتیان: نەخێر.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee